
# ئەستێرەیەک ئاوابوو



غازی فاتح وەیس. . . ئەستێرەیەکی تازە هەڵبووی ئاسۆ تاریکەکەی زمانەوانیمان بوو. . لەگەڵ ئاوابوونیا ئەو ئومێدە زۆرەی پێمان بوو نێژرا. .

غازی فاتح وەیس. . . خونچەیەکی تازە پشکووتووی گوڵزارە کەم گوڵەکەمان بوو. . وەری پێش ئەوەی بۆن و بەرامەکەی جیهانی زمانە شیرینە هەناسە ساردەکەمان داگیربکات. .

غازی فاتح وەیس. . بەگیانێکی ئەکادیمی‌ی پتەو و تواناو تاقەتێکی بێ‌پایان و پشتێکی ئەستوور بە مەنهەجیەتەوە پێی نایە مەیدانە یەکجار کزەکەی زمانەوانیمان. . . هات و لەگەڵ خۆیا ڕێچکەی تازەی شی‌کردنەوەی هێنا. .

. . . بەم تەمەنە کورتەی ژیانی ئەکادیمی‌ی بەرهەمێکی زۆری پێشکەش کردین. . کتێب و گەلێ ووتارو لێکۆڵینەوەی بڵاوکردەوە. . زۆری تریشی بە دەست نووسی ماوەتەوە. . . گەر مەرگ وازی لێ بهانیبا پڕۆژەکەی ژیانی خۆی تەواو بکات. . گەنجینەیەکی یەگجار بەپیت و بە نرخی بۆ دادەگرتین. . .

بەرهەمەکانی غازی فاتح وەیس هەموو جێی شانازین. . هەموو کەرەستەن بۆ لێکۆڵینەوە. . هەموو وانەن بۆ فێربوونی مەنهەجیەت و پەیرەوی زانستی لە نووسیندا.

پار بوو کتێبێکی لەژێر ناوی (فۆنەتیك)دا بڵاوبووەوە. . ئەم کتێبەی ئەشێ بە سەرەتای دەست پێ‌کردنی قۆناغێکی تازەی لێکۆڵینەوەی دەنگسازی لە زمانی کوردیدا بژمێردرێ. . . چونکە یەکەم جارە لە مێژووی کوردا کتێبێك بەم ناو و نیشانەوە دەرچێ بگونجێ لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی و لەژێر تیشکی تازەترین دەسکەوت و پەیرەوەکانی مەیدانی دەنگسازی‌ی تازە کەرەستەی دەنگەکانی زمانی کوردی شی‌بکاتەوە. . .

یەکەم جارە کتێبخانەی کوردی پێشوازی‌ی کتێبێکی وا ئەکات بەخوێنەری کوردی بناسێنێ، کە فۆنەتیك ئەلف وبێ و ڕیزکردنی پیتەکان و هەرای تیپ یا پیت نی‌یە. . بەڵکو بیناغەیەکی پتەوی دامەزراوی لەسەر ئەنجامی پەرەسەندنی بیر کردنەوەی سەدان ساڵ و کێشەی دەیەها قوتابخانەیە. . بێ ئاگاداربوون و شارەزا بوون وزانینی ئەمانە هەموو. . هەرکارو نووسینێك دەربارەی فۆنەتیك ساکارو پووچ و بێ‌کەڵك و سەرپێ‌یی دەر ئەچێ. .

ئەم کتێبەی مامۆستای جوانەمەرگ غازی فاتح وەیس بەکارێکی ڕەسەن لەقەڵەم ئەدرێ چونکە هەموو خاسیەکانی ئەکادیمی‌ی لێ بەدی ئەکرێ. .

چ زیانێکمان پێ گەیی بە نەمانی ئەم گەوهەرە نایابە چی ئەتوانێ ئەم بۆشایی‌یەی بەجێی هێشت پڕکاتەوە بێ‌بەختی نەبێ چی ئەم کارەساتە لێك ئەداتەوە. .

**هەر ئەوەندەمان لەدەست دێ بڵێین. .**

**هەزار ڕەحمەتت لێ‌بێ. . غازی فاتح وەیس.**

**وریا عمر أمین**